# دەلاقەیەک بە رووی جولەکەکانی شاری هەڵەبجەدا
# ١٨٩٠ - ١٩٥١

عەبدولقادر شادی

## بەرایی و ناساندن

مێژووی جولەکە لە کوردستاندا مێژوویەکی کۆنە و بەپێی تەلموود ٢٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئاشوورییەکان شەلمانسەری سێهەم ٨٥٨-٨٢٤ پ.ز، جوولەکە ڕاگوێزراوەکانی لە کوردستاندا نیشتەجێ کردووە. کە ڕێ بە مەرجەعە جوولەکەکانیش دراوە بانگەوازی جولەکایەتی لە ناو کوردەکاندا بڵاوبکەنەوە، پاش ئەوەش دەستکەوتی باشیان بووە لە بانگکەوازەکەیاندا، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە مێژوو زانانی جوولەکە یەکڕابوونەتەوە لەسەر ئەوەی کە لە سەرەتاوە لە دەستپێکی سەدەی دووی زایینیدا جوولەکە بنجی خۆی داکوتاوە لە ناو کوردستاندا.

بەو جۆرە لە ناو کوردستاندا و بەزۆریش لە ناوچەی دهۆک و هەولێر و چەند ناوچەیەکی تری جیاواز ژیانیان بردووەتە سەر، جوولەکەکانی شاری هەڵەبجە لە بنەڕەتدا خەڵکی شارەکە نین و لە دوای ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە و بوونە قەزا و پاش ئاوەدانکردنەوەی لە لایەن بەگزادەکانی جافەوە ناوچەیەکیان پێدراوە و بۆ خۆیان خانوویان تیادا دروستکردووە و لەوە بە دوا بە گەڕەکی جوولەکەکان ناسراوە و تاوەکو ئێستاش گەڕەکەکەیان لە هەڵەبجە هەر بەو ناوەوە دەناسرێت.

ئەم گەڕەکە بریتی بووە لە پارچە زەویەک کە لە نێوان مزگەوتی جامیعەوە

دەستپێدەکات بەرەو سەرا و بەتەنیشتی باخی میری جاراندا درێژبوەتەوە تا وەکو مزگەوتی تەکیەی سەید نەسروڵا و بەتەنیشت شەقامی گشتی هەڵەبجەدا هاتووەتەوە تاوەکو مەزادخانەکە و مزگەوتی جامیعەی ئێستا و بریتی بووە لە (٥٠) خانوویەک کە هەندێکیان دووقات دروستکرابوون.

## لایەنی کۆمەڵایەتی جووەکانی هەڵەبجە:

جوولەکەکانی شاری هەڵەبجە لە سەرەتادا بریتی بوون لە (٢٠)ماڵ و وەک سەرژمێری جوولەکەکانیش لە چلەکاندا (٢٠٠) جوولەکە دەبوون .

کۆی جوولەکەکان لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨- ١٩٥١ بریتی بووە لە (٥٤) ماڵ کە نزیکەی (١٨٠-٢٠٠)کەسێک بووە.

لە ڕووی ئاینداری و تەقالیدەکانی ئایینییەوە جوولەکەکان لە هەڵەبجەدا ئازاد بوون و کاری خۆیان کردووە و جەژن و بۆنەکانی خۆیان بە ئازادانە گێڕاوە و سەردان و هاتووچۆیان کردووە.

بەمجۆرە زمانێکی تایبەتی خۆیان لە ناو پەرستگە و ماڵەکانیاندا قسەیان دەکرد کە پێی دەوترێت ئارامی یان سریانی (واتە ئاشووری)، بەڵام لە ناو بازاڕ و لەگەڵ خەڵکی تردا بە زمانی دووەم قسە و مامەڵەیان دەکرد، بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی بازاڕ و شتومەک کردووە، وەک بازاڕی عەتاری و زەڕەنگەری و.......هتد.

لە کۆندا جوولەکەکانی کوردستان بە کاروباری خۆیان هەستاون و ئازادانە ئیشی خۆیان بەڕێوەبردووە، وەک دروستکردنی پەرستگا و قوتابخانە و کردنەوەی دوکان و مەیخانە، ئەوەتا یەکێتی جیهانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٠٦ دا چەند قوتابخانە و خوێندنگەیەکی کردەوە لە ناو کوردستاندا و منداڵانی کوردیش تیایدا فێری خوێندەواری بوون و بەردەوام تا وەکو دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و بانگکردنەوەی گشتی جولەکەکانی کوردستان بۆ ناوخاکی فەلەستین، پاشان بەچەند وەجبەیەک کۆچیان کرد و لەوێ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوە دەبەن وەک جەژنی تایبەتی خۆیان و کاروباری ئایینپەروەری جوولەکایەتی کە زۆرێک لە جولەکەکان ئەگەر بە ویستی خۆیان بوونایە ئەوە حەزیان نەدەکرد بڕۆنەوە بۆ فەلەستین. بەڵام هەم ئیسرائیل داوای لێکردن کۆچ بکەن و هەم ئەو حکومەتەناش ڕەگەزنامەکانیانی پووچەڵ کردنەوە

و بە زۆر ناردنیانەوە بە تایبەت دەوڵەتی عێراق و کوردستان بە ڕێژەی تایبەت و بەرچاو ڕۆیشتنەوە.

جووەکان و خەڵکی هەڵەبجە بەبێ هیچ دوو دڵییەک، خواردن و خواردنەوەی یەکتریان وەرگرتووە و ئاڵو گۆڕ کردووە، هەروەها لە سەردەمی شێخ حسامەدین نەقشبەندیدا ڕەزامەندی وەردەگرن بۆ کردنەوەی کڵێسایەک لە ناو گەڕەکەکەیاندا و دوای کردنەوەشی جەژن و تەعزیە و بۆنەکانی خۆیان تیادا ئەنجامداوە و کڵێسای تایبەتی خۆیان بووە کە ئایندارییان تیادا کردووە و لە پاش بڕیارەکەی ساڵح جەبر لە پوچەڵکردنەوەی رەگەزنامەی عێراقی لێیان و گەڕانەوەی هەموو جولەکەکان بۆ وڵاتی فەلەستین، پاش ساڵی ١٩٥٨ کراوە بە مزگەوت و ناوی نراوە مزگەوتی ئەحمەدی و مامۆستا مەلا عومەر عەبدولعەزیز دەبێت بە ئیمام و بەرنوێژی خەڵکی گەڕەکەکە و تا کارەساتی کیمیابارانی ١٩٨٨ی هەڵەبجەش هەر مابوو، بەڵام ئەویش لە کیمیاییەکەدا لە ناوچووە و بیناکە ڕووخاوە و ئێستاش بەڕووخاوی پاشماوەکەی هەر ماوە.

کاتێک کۆچیان کرد و ڕۆیشتنەوە بۆ فەلەستین لەگەڵ دانیشتوانی شاردا یەکتریان ماچ دەکرد و داوای گەردن ئازادییان لە یەکتری دەکرد ئەوانیش بۆ هەڵەبجە دەگریان و حەزیان نەدەکرد بەجێیبهێڵن.

ئەم جوولەکانەی هەڵەبجە گەرچی غەریب بوون و لە بنەڕەتدا خەڵکی هەڵەبجە نەبوون، بەڵام وەکو دانیشتوانی ئەسڵی ناوچەکە کاریان کردووە و خەڵکی هەڵەبجەش بەشداری پرسە و ناخۆشی و هەروەها خۆشییەکانی ئەوانیان کردووە و لە خۆیان جیایان نەکردونەتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەروەها ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا کردوون، نمونەی خێزانی تاهیر بەگی جاف هەروەها خێزانی مەلائەمینی کەریمی ڕەزای سادانی هەروەها حەلاوەخانی خوشکی ئیبراهیم (بلەی یەعقوب) کە شووی کردووە بە حامید بەگ مەجید بەگی جاف لە ساڵی ١٩٢٣.

جولەکەکانی هەڵەبجە لە بواری مادیدا زۆرترینیان دەوڵەمەند بوون و هەروەها بە بازرگانی و تایبەت زەڕەنگەری خەریک بوون و دوکانیان لە بازاڕی حامید بەگدا هەبووە، هەروەها زۆرێکیش چا و شەکر و دانەوێڵەیان فرۆشتووە و هەرزان فرۆشیش بوون. پیر و بەتەمەنەکانی هەڵەبجە دەگێڕنەوە کە گوایە ئەو جوولەکانە زۆرجار وتوویانە ئێمە گونیەی خواردنەکەمان بۆ بمێنێتەوە بەسە و قازانجمانە. بۆیە بازارێکی

کراوە و هەمیشەییان هەبووە، دانیشتوانی ئەو کاتەش ڕوویان تێ کردوون و سوود و قازانجیان بەخۆشیان و ئەوانیش گەیاندووە.
جولەکەکانی هەڵەبجە گۆڕستان و قەبرستانی خۆیان بەجیا هەبووە کە دەکەوێتە گەڕەکی مۆردانە و هەتا ساڵانی پێش هەشتاکانیش جێگاکەی دیار بووە و پێی دەوترا گۆڕی جووەکان، پاشان دوای فراوانی شار گەڕەکەکە فراوان بووە و خانووی تیادا کرایەوە و بە گۆڕستان نەما، وەک چۆن گەڕەکی پیرمحەمەد قەبرستانەکەی کە هی موسڵمانەکانیش بوو نەما و بووەتە گەڕەک و خانوو.

## بۆنە و جەژنەکانی جوولەکە لە هەڵەبجەدا

جەژنی چەقالە — کەپرەشینە- کفتە — گرنگترین بۆنە و جەژنەکانی جوولەکەکان بوون، جوولەکەکان لەم جەژنەی دواییاندا هەرچی کەل و پەل و قاپ و قاچاخی خۆیان دەبوو دەیان هێنایە بازاڕ و هەرزان فرۆشیان دەکرد و شتی نوێ و تازەیان بۆ خۆیان دەکڕییەوە.
ساسۆنی جوولەکە دەڵێ : بەپێی مێژوو قسەی پیرە پیاوانی جوولەکەکانی کوردستان نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر قەدری جوولەکەیان گرتووە و وەکو هاوڵاتییەکی کوردستان سەیریان کردوون و پاراستویانن و هیچ کات بە چاوی سووک و بێگانە سەیری کوردە جوولەکەکانیان نەکردووە. ئەڵبەتە لە هەڵەبجەش هەروا بووە.
چەندین ژنە جوولەکەی دانیشتووی ئەم شارەش کاری بازرگانی و دوکانداریيان دەکرد تائەوە بوو ژنە کوردە موسڵمانەکانیش ئەم ڕێچکەیەیان گرتووە و زۆر بێ پەروایانە وەک پیاوەکان کاروباری کاسبی و بازرگانیان دەکرد.
پیاوێکی جوولەکە هەبوو ناوی خجڵ بوو لە دوایدا بووە موسڵمان و ناوی کردە (میرزا محەمەد) و کاری زاخاو دانەوەی مسی دەکرد.
سیاسۆن جوولەکە بوو (بەنی) ڕەنگدەکرد و دەیکردە مەوج و بەرماڵ. قەسابخانەی تایبەتی خۆیان هەبووە.
هەروەها دەگێڕنەوە کاتێک جوولەکەکان گەڕاونەتەوە بۆ فەلەستین و کۆچی یەکجارەکی یان کردووە هەموو شتەکانیان فرۆشتووە و کردوویانەتە پارەو تەنها پارەیان لەگەڵ

خۆیان بردووە، کە موسڵمان و دانیشتوانی هەڵەبجە کڕیویانە دیارە لەبەرئەوەی زانیویانە ئەمان دەیفرۆشن و مەجبورن بیفرۆشن، لەبەر کۆنەیەتیشی پارەی کەمیان داوە پێیان، ساڵحە جووش هەبوو شێت بوو دەیوت: هەرزان لە ئێمەی دەکڕن و دەمانخەڵەتێنن ئەی ئێوە بۆ کوێی دەبەن یان کێ هەیە لە ئێوەی بکڕێت.

| ز | ناوی پیاو | منداڵ کوڕ- کچ | تێبینی لەسەر کار — کەسایەتی |
|---|---|---|---|
| ١ | یەعقووب (یاقوب) | | یەکێک بووە لە ئەشراف، کوڕەکەشی لازاری پۆلیس بووە. |
| ٢ | بابلێ | | یەکێک بووە لە ئەشراف. |
| ٣ | ناتان | | خومخانەچی، باپیرەی عەزەی ووسو |
| ٤ | داود (دوودە) و (دەدە) | ١ کوڕی هەبووە | دوودەیان پێوتووە. جۆلا- خومخانەچی. ناوی کوڕەکەی نەزانراوە. |
| ٥ | حەکیم خواجە (حەکیم خواهە). | | پزیشک بووە . |
| ٦ | دانیاڵ بابا (دایناڵ) | | یەکێک بووە لە ئەشراف. |
| ٧ | میران بابلێ | تۆفیق و ساڵح | میران خەیات بووە، ساڵح سەڕاف بووە. |
| ٨ | هاروون بابلێ | | هاروون بازرگان بووە و کوڕێکی بووە بە ناوی داوود. |
| ٩ | عەزیز | | |
| ١٠ | شێلان | ساڵح | |
| ١١ | حەیوم | ئەلیاهو | جۆلا- خومخانەچی. |
| ١٢ | بنەی یەعقوب | ساڵح | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | میخائیل | | ناسراوه به مێرێ له گوندەکاندا وردەواڵەی دەفرۆشت. |
| ١٤ | ساڵح | | مامی (شێوه) ی خەیات بووه. |
| ١٥ | ئیسحاق ئاشێر | | |
| ١٦ | ڕەحیم شێلان مۆردخای شێلان | | ناسرا بووه به ڕەحیم شێله. مۆردخای بازرگان بووه. |
| ١٧ | یەعقوب لار | نێرگز یەعقوب لار | خومخانەچی |
| ١٨ | حسقێل | | سەروپێخانه |
| ١٩ | مالوم | | ماڵەکەیان له تەنیشتی کڵێسادا بوو. خانووەکانی شێخ کازم. |
| ٢٠ | ئیبراهیم (بله جوو) | | کوتاڵفرۆشی دەستگێڕ. |
| ٢١ | دێودەی چرچه | | عەتار |
| ٢٢ | دانەی موسا | | لێفه دروو |
| ٢٣ | شالووم | شەمام | شالوم مەیخانەی هەبوو له ماڵەوه. شەمام جوانکاری ئافرەتانی دەکرد. ناسراو بوه به شەمەی شاوڵ |
| ٢٤ | سلێمان. مندال بووه | | وەردەواڵه فرۆش |
| ٢٥ | عەزیزه کۆسه | | کەسێکی ڕواڵەت جوان بووه و وەک ژن وا بووه. |
| ٢٦ | گۆڕێڵ ( گەروێڵ | | |
| ٢٧ | سەلمان شووبه | | قەساب — دواتر مەیخانەی هەبووه. |
| ٢٨ | بابا (بابه) | | عەتار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٩ | ئیسحاق | | له خانووەکەی حەمەعەلی بەگ و کاک عارفدا بووە. |
| ٣٠ | جوڕناڵ (جرتاڵ) | | |
| ٣١ | بنیامین و خدر و مۆراڵ | | ئەمانە خوشک و برا بوون. |
| ٣٢ | غەریبی کەحێله | | |
| ٣٣ | ئەحمەد رەشان | | رەشان جولەکە بووە. |
| ٣٤ | شێوە | | کچێکی خەیات بووە. |

ئەوانەی موسڵمان بوون

| ز | ناوی پیاو | تێبینی لەسەر کار – کەسایەتی |
|---|---|---|
| ١ | میرزا محەمەد (ناوەکەی گۆڕیوە) | ئەم پیاوە بە خجڵ ناسراو بووە. |
| ٢ | سۆفی محەمەد (ناوەکەی گۆڕیوە) | باپیرەی مامۆستا (ع. ع. شەونم) و ساڵح شارەزووری شاعیر بووە. |
| ٣ | حەلاوە خان | خێزانی حامید بەگی جاف و دایکی ئەختەر و بەهیە خان و ئەکرەم بەگ بووە. |
| ٤ | حەمە رەشید (ناوەکەی گۆڕیوە) | نازانم ناوە ئەسڵیەکەی چی بووە، رەنگە دوای موسڵمانبوونی باوکی لە دایک بووبێت. |
| ٥ | ئەحمەد رەشان | ئەحمەد موسڵمان بووە و ئەویش کچێکی بووە بە ناوی فاتمە. |
| ٦ | دایکی حەمە شەل | موسڵمان بووە. نەمانزانی ناوە ئەسڵیەکەی چی بووە. |